# دادگای شۆڕشی پارتی و سکاندالّی کەمال گەیت

بەختیار کەریم

سکاندالّەکانی ۆتەر گەیت (Watergate) و ئێران گەیت (Irangate) دوو لەو شەرمەزاریە ناودارانەن کە بەڕێوەبەرێتیەکانی ئەمریکا لە مێژوودا تۆماریان کردن. ۆتەر گەیت ئێستا بۆتە تێرمێکی ناسراو و لە فەرهەنگی سیاسەتدا شوێنی شایستەی خۆی وەرگرتوە و لە مێژوودا وەک دۆزێکی گەندەڵی و دزی تۆمارکراوە. هۆتێلی وەتەر گەیت تەنها ئەو هۆتێلە نیە کە چەتەکانی پارتی کۆماری لە (1972/07/17)دا بریان، بەڵکو ئەو جێگایەشە کە مۆنیکا لوینسکی تێیدا ڕادەکشا. یەکێک لە کاریگەریە گرنگەکانی ۆتەر گەیت دەست لەکار کێشانەوەی ڕیچارد نیکسون بوو.

لە ساڵی 1987 دا بەڕێوەبەریتی ڕێگان بە فرۆشتنی چەک بە ئێران لەبەرامبەر ئازادکردنی کۆمەڵێک بارمتە کە لەلای حیزبولّای لوبنانی دەست بەسەر بوون تاوانبارکرا، ئەمریکا قازانجی ئەم بازگانی چەکەی بۆ یارمەتیدانی گەریلاکانی کۆنترای نیکاراگوا بەکارهێنا، هاوکات فرۆشتنی چەک بە ئێران و یارمەتیی ئەمریکا بۆ کۆنتراکان نایاسایی بوو بەپێی یاسای ئەمریکی.

ئەم شەرمەزاریانە لە مێژوودا تۆمارکراون هەر سکاندالێکی هاوشێوەی ئەوان بە لکاندنی پاشگری گەیت ناودەنرێت. بۆ نمونە هەر لەم هەفتەیەدا سکاندالێکی سیخوریی بەریتانی لە ئێرلەندای باکور ناونرا ستۆرمۆن گەیت (Stormontgate). وەلێ لێرەدا دەخوازین یەکەم سکاندالّی سیاسی و یاسایی کوردی بە لکاندنی پاشگری گەیت ناودێر بکەین، یەکەم سکاندالّی کوردی کە وەک شەرمەزاریەک مێژوو وەک کەمال گەیت تۆماری دەکات.

لە کەمال گەیت مەبەست ئەو سکاندالّە سیاسی و یاساییەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجامی شوێنبزرکردنی دکتۆر کەمال سەید قادر و پاشان بە سی ساڵ دادگایی کردنی لە دادگای شۆڕش (محکمة الثورة) خۆی پێ شەرمەزار کرد. ئەم سکاندالّە جگە لەوەی هەڕەشەیەکی تۆقێنەرە و بڕیارێکی جەنگەڵییە، پارتی لە فراوانترین دەروازەوە دەباتە نێو کتێبەکانی مێژووەوە. دەکرێت سکاندالّی کەمال گەیت وەک سەرەتایەک بۆ فراژانی دیکتاتۆریەت ببینین، وەک سەرەتایەک بۆ نزینک بوونەوەی چەندین فرسەخی پارتی لە بەعس و وەک گەڕانەوەیەکی ترسناکی حیزبێک بۆ ئەو گۆمانەی کە هەموو دیکتاتۆرەکان چڵکاویان لێ خواردۆتەوە. کەمال گەیت ئەو سکاندالّەیە کە مرۆڤەکانی نێو سەرکردایەتی پارتی ناچار دەکات دەست لەکار بکێشنەوە، ئەگەر شتێکی لەوجۆرە لەنێو ئەو سەرکردایەتیەدا بوونی هەبێت، مەبەست لەو مرۆڤانەیە ئەخلاق و ویژدانیان ڕێگە نادات لەناو حیزبێکدا خزمەت بکەن کە لە هەوڵی ئەتککردنی هەموو شتێکدایە بە دادگاکانیشەوە. بەڵام پێدەچێت ئەو سەرکردانەی ڕیزەکانی پارتی وەک یەک بەشداربن لەم پرۆسەی ئەتککردنەدا، بەشداربن لەو چەتەییەی بە گەندەڵیی ناوی دەبەن، لێرەوە ئەستەمە هیچ یەک لەوانەی شەرابی بەدرەوشتی مەستی کردون ئەوەندە ویژدانیان هەبێت دەست لەکار بکێشنەوە.

لەلایەکی ترەوە سکاندالّی کەمال گەیت سەرەتایەکە بۆ ناچارکردن. ناچارکدنمان بە پاڕانەوە و داوای بەخشین لە 'سەرۆک'، ئەو سەرۆکەی پشتی لە دووژمنە و ڕووی گرژی لە ئێمە. ئیتر ئەو چاپتەرە لە ژیانی دیکتاتۆریەت دەست پێ دەکات کە خانەدان و نووسەران دەچنە خزمەت سەرۆک و بەسەر دەست و قاچیا دەکەون و ئەویش بە خەندەیەکی پڕ لەبەزەییەوە، کە تەنها لەسەر لێوی دیکتاتۆرەکان دەبینرێت، دەفەرموێت من لە تاوانبارانیش دەبوورم، ئەوکات ئێمە هەموومان موچڕکە بە ڕۆحماندا دێت و بە گەورەیی و میهرەبانی سەرۆک سەراسیمە دەبین. دوو حیزبی دەسەڵاتدار بەگشتی و پارتی بەتایبەتی دەیانەوێت ناو و سروشتی شتەکان بگۆڕن، لە ڕێگای نووسەر و ڕۆژنامەنووسە چڵکاوخۆرەکانیانەوە هەوڵدەدەن مێژوویەک لە سەرووەری بەزۆر بترنجێننە نێو لاپەڕەکانی مێژووەوە، هەوڵ دەدەن بەناوی ڕێزگرتن و نەبەزاندنی سنوورەکانەوە ناچارمان بکەن بە جاشێکی تۆپیو بڵێین شەهید، بە چەتەکانی نێو سەرکردایەتیان بڵێین دەستپاک، بە سەرکردە سیخوڕەکان بڵێن خاوەن شەهامەت و بە وەزارەتی ئەشکەنجە بڵێین وەزارەتی مافی مرۆڤ.

بەڵام ئەوەی سکاندالّی کەمال گەیت دەکاتە سەرەتایەک بۆ ئازادی دەربڕین و بیرکردنەوە، ئەوەی ڕێگە لە حیزب و سەرۆک دەگرێت ببنە ئەو دیکتاتۆرەی بەناوی یاساوە ڕەشەکوژی ئازادیخوازان دەکەن، هاتنە دەرەوەی ڕۆشنبیرانە لەو قۆزاخەیەی

بەناوی ڕێزگرتنەوە خۆیان تێخزاندەوە، ناونانی شتەکانە بەناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە. بەواتایەکی تر ملنەدانە بەو مێژووە ساختەیەی حیزب دەیسەپێنێت بەسەرماندا. چ ناڕەوایی و بێڕێزیەکە بە سەرکردەیەکی دز بڵێین دز؟ چ جنێوفرۆشیەکە بە جاشەکانی نێو پەرلەمان، ڕیزەکانی پێشمەرگە و سەرکردایەتی حیزبەکان بڵێین جاش؟ چ تاوانێکە پەنجە ڕاکێشان بۆ خیانەتەکانی سەرکردایەتی کورد و ئاماژەدان بە فەرمانی ڕاستەوخۆیان بۆ گولەبارانکردنی دیلەکانی شەڕی براکوژی؟

کەمال گەیت داهێنانی مرۆڤێکی ئازادیخواز و بوێری وەک دکتۆر کەمال سەید قادرە لەڕێگەی بەخشینی بەهادارترین شتی بوونی خۆیەوە کە ئازادییە بەئێمەی ناساند. ئێمەش ئەگەر خەمی نەوەکانی ئایندە دەخۆین، ئەگەر خولیای نیشتیمانێکی ئازادمان هەیە، دەبێت بەردەوامی بدەین بەو ڕچەشکێنیە. مەبەستمە بڵێم ئیتر کاتی ئەوەیە لە پشت پەردەی ڕێزێکی ساختە بێینە دەرەوە و بە سەرۆک بڵێین جەنابت دزیت، ئەگەر نا پتر لە دوو ملیار دۆلارت لە کوێ بوو؟ بە جاش و خائینەکان بڵێین ئێوە جاش و خائینن و ڕێگرن لە هەر جۆرێک لە پێشکەوتن. بە وەزیری ئەشکەنجە (ئەوەی ناڕەوا پێی دەڵێن وەزیری مافی مرۆڤ) بڵێین تۆ مرۆڤێکی ترسنۆکیت، ئەگەرنا شکاندنی یاسا و دامەزراندنی یەکەم دادگای شۆڕشی بەعسئاسات لە کوردستان ڕەتدەکردەوە، یان لانیکەم دەستت لە کار دەکێشایەوە.

21/12/05

Oxford England